پیاوێک کە ئارەقی خواردبووەوە هێنایان بۆ لای پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم-، بۆیە بە داربێک چل جەڵدەی لێدا

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پیاوێک کە ئارەقی خواردبووەوە هێنایان بۆ لای پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم-، بۆیە بە داربێک چل جەڵدەی لێدا».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پیاوێک لە سەردەمی پێغەمبەردا -صلی اللە علیە وسلم- مەی خواردەوە، بۆیە بە داری لقی خورما چل جەڵدەی لێدا، وئەبوبەکر -ڕەزای خوای لێبێت- بەهەمان شێوە وژمارە جەڵدەی دەدا لە مەی خۆر هەروەکو سەردەمی پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم-، بەڵام لە سەردەمی خیلافەتی عومەردا -ڕەزای خوای لێبێت- کاتێک فەتح وڕزگارکردنی شار وخاکەکان زۆر بوو، ومسوڵمانان تێکەڵ بە خەڵکی تر بوون، مەی خواردنەوە زۆر بوو، ئیمامی عومەر ڕاوێژی بە زانایانی هاوەڵان کرد کە بەردەوام ڕاوێژی پێیان دەکرد لە پرسە گرنگەگان ومەسەلە ئیجتیهادیەکان (ئەو مەسەلانەی دەقی یەکلاکەرەوەی لەسەر نەهاتووە) سەبارەت بەو سنوورەی بە سەر مەی خۆرەکان جێبەجێی دەکات بۆ ئەوەی دووریان بکاتەوە لەم تاوانە، چونکە ژمارەی مەی خۆرەکان لە سەردەمی ئەودا زیادیان کرد، بۆیە عبدالرحمان کوڕی عەوف ووتی: وەکو کەمترین سزای جەڵدی لێبکە، هەشتا جەڵد، کە ئەمیش سنووری جەڵدی ئەو کەسەیە کە بوهتان هەڵدەواسێت بۆ مسوڵمانی ئیمانداری داوێن پاک، بۆیە ئیمامی عومەر کردی بە هەشتا جەڵد، ئەم زیاد کردنە بۆ سزادان وقەدەغە لێکردنیانە لەم تاوانە پەیوەندی بە بڕیاری ئیمامەوە (فەرمانڕەواوە) هەیە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2946